# تكایە دەستورنوسەكان بناسن !؟

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

هیچ بەقەدەر ساتەوەختی نوسینەوەی دەستور گرنگ نیە ئەگەرچی لەمیش گرنگتر دەستور نووسەكانن كە شوناسیان چیەو كێن و بەپێی كام پێوەرو عەقڵ و جیهانبینی دێن دەستوری عیراقێكی موزائیكی هەمەچەشنی هەمە ئاین و مەزهەب ئەنوسنەوە، هەر ئەوە بەس نیە ئێمە لە بەغدای پایتەختدا بەدەمیانەوە پێبكەنین و موجامەلەیانە بكەین، دەكرێت ئێمەی كورد پێشوەخت بزانین ئایا لە پشت ئەو یاساناس و پەرلەمانتارانەوە كە سبەینێ دەستور دائەنێن شەبەحێك ماوە پێی بوترێت نەتەوەی یەكەم و سەردەست ؟ لەكاتێكدا دەستوریش بریتیبێت لە شادەماری دەوڵەت و پارێزەری مافە بنچینەیەكان، ئەگەر ئەم كۆنسێبت و چەمكە وەك سێبەرو شەبەحیش مابێت مەحاڵە كورد بگاتە ئەنجام، بۆیە ناسینی ئەو عەقڵانە لە سەرەتاوە گرنگن تا ئەو ئاستەی ئێمەش گوتارو مامەڵەكانمان بەپێی ئەو عەقڵانە رێك و ئۆرگەنایز بكەین و پێشوەخت عیراقێك بناسین بەدوو نەتەوەی كوردو عەرەب و پاشان وەك چەمكێكی قانونی بیچەسپێنین تا دواتر كێشەمان بۆ دروست نەكاتەوە.

ئەم دەستورە كە كۆمەڵەی نیشتیمانی بە كۆی دەنگ رەنگرێژی نوسینەوەی ئەكات ئەبێت پێشوەخت پەرلەمانی تازەی كوردستانیش قسەی خۆی هەبێت و رەشنوسی یاسایی و دەستوریی هەرێم و داخوازینامەكانی خەڵكی كوردستانی ئامادەكردبێت تا سەروەختی نوسینەوەی دەستور دوچاری شۆك نەبین كاتێ پەرلەمانتارێكی شۆڤێنی یان گروپێك لە پەرلەمان یان زۆرینە درێژە بە هێشتنەوەی دۆخی كەركوك ئەداو لەدەستوردا بە شاری عیراقی وەسفی ئەكات، چونكە تا ئێستا كە كورد لە لوتكەی هەرەمی دەسەڵاتیشدایە بە چەند پۆستێكی تری سیادیشەوە عەرەب هەر سڵ لە كوردبونمان ئەكات و هەر بە میوانمان ئەزانن ، زۆرن ئەوانەی كە ناخوازن كورد ئارەزومەندانە ماڤ لە دەستوردا پارێزراو بێت و سنورو زمان و شوناس و جوگرافیاكەی بسەلمێنرێت، بۆیە خستنە دەرەوەی كوردو پەراوێزكردنی لە دەستوری ئەم جارەدا بەبیانوی هەبوونی پۆست لە بەغداد نابێ بمانخاتە حاڵەتی دژوارییەكی سەختەوە لە ئایندەیەكی نزیكدا.

ئەم پرۆسەیە رێگەیەكی گەلێك سەخت و پر مەترسیە و زەحمەتی زۆری تێدایە و خەونی تاكی كوردی ئەوەیە ئەو وێسگەیە بمانپەرێنێتەوە بۆكەنارو بەندەرێكی ئارام، بەڵام مەرج نیە ئەو كەنارو بەندەرە ئەمجارەیان هەر خاكی عەرەب و بەغداو بەسرە بێت دەشێت بەندەری ئارامی كورد ئەمجارەیان سنورە مێژووییەكەمان بێت و ئەم پرسەش ئەگەر بە لەدەستدانی هەندێ ئیمتیازاتیش بێت نابێت سازشی لە سەر بكرێت بە بیانوی هۆشیاركردنەوەی نوخبەی عەرەب و تاكی عەرەبی، ئەم كارەش پێش هەركەس وەزیفەیەكی مۆراڵی و ستراتیجیە بۆ ئەو كاندیدە كوردانەی كە دائەنیشن لە سەر ئەو كورسیانەی پەرلەمان كە هەریەكێكیان نوێنەری زیاد لە سی هەزار دەنگدەری كوردن و هەر خەمساردیەك لە هەر پەرلەمانتارێكی كوردەوە خەمساردییە بۆ دەستوریزەكردنی مافەكانی كورد لە بەغداد، بەڵام ئایا ئەو دەستورنوسانەی كە ئەمڕۆ ئەوەتان لە شاری بەغداو كۆی كۆمەڵگای عیراقی چاوەروانی پاشەرۆژێكی دیموكراتیكی لێئەكەن ئەتوانێت سەنتەرەكانی مەرجەع وخەونی فاشیزمانەی عەرەبی بخاتەلاوەو كورد وەكو گەلی رەسەنی كوردو پارچەیەك لە كوردستانی گەورە ەسف بكات؟

ئەگەرچی هەڵەوكارەساتە گەر وابزانین كورسیەكانی پەرلەمان وەزیفەو پۆست بن چونكە ئەبێت بزانین ئەو كورسیانە پێش هەرشت ئەرك و لێپرسراوێتی مێژووین و ناكرێت بۆ ساتێكیش پشتگوێیان بخەین و چاوەروانی ئیمتیازاتی تایبەتی و شەخسی بین لێی و ئەبێت ئەو كولتورەی بەعس تێپەرێنین كە خوێنی ئەخوارد و جینۆسایدی بەرپا ئەكرد بۆ بەدەستهێنانی دەستكەوتە شەخسیەكان و پۆلیسێكی رەئیس عورەفای بە كونفەیەكونێك ئەكردە قائد فەیلەق !

ئێستا كورد ئەبێت عەوداڵی ئەو پرسیارە بێت كە ئایا كێ ئەم هەرێمە بەفیعلی ئەكاتە فیدراڵ ؟ یان ئەو میكانیزمانە ئەبێت چی بن تاوەكو دارشتنەوەودانانی دەستور دوور لە دزەكردنی فەردانیەتی مەزهەبی و نەتەوەیی؟ بەتایبەتی فتوای دینی و مەزهەبی كە ئێستا عیراقی گیرۆدە كردوەو دەبێت كورد چاوەروانی دەستكەوتی وەهمی و پۆستی كاتی و هەڵخلیسكێنەر نەكات و بگرە زۆریش چاوەروانی گڵۆپە سەوزە سیحرییەكانی دەرەوە و بەلانسی هێزە نێودەوڵەتیەكان و تەنانەت كۆشكی سپیش نەكات، ئەوەندەی بە ستراتیجەوە مامەڵە بكات و خەریكی خۆرێكخستنەوەی ماڵی خۆی بێت و دەرگاكانی توند قایم بكات ، چونكە ئێمە تا ئێستا بە نوسراوی دیكۆمێنتار هەرێمە كوردیەكەمان نەچۆتە نێو پرەنسیپی تەنانەت زاراوەی فیدراڵیەتیشەوە ئەمەش دەلالەتێكی ئیشكالئامێزە بۆ سەركردایەتی سیاسی كوردی و رەنگە مایەی سەر ئێشەی سیاسیش بێت تا ئەو ئاستەی ئەبێت ئەم پرسانە یەكلاكرابنەوەو دواجار هەر ئەوە بەس نیە ئێمە لەو كۆمەڵە نیشتیمانیەدا هەین و پاڵی لێدەینەوە وەك دیوەخان و گوتاری خۆشنودیی بەرهەم بهێنین بێئەوەی ترسەكانمان رەواندبێتەوە و زەمانی دەستورێكی كوردستانیمان كردبێت.

ئایا پرسیومانە لە كۆی ئەو275 پەرلەمانتارە گشتییە دەنگە كوردیەكان گرێنتۆری ئەوە ئەكەن تا ئێمە دەستور بە ئارەزوی خۆمان بنوسینەوەو كەركوك بخەینەوە باوەشی خۆمان ؟ یان زۆرینە لەگەڵ ئێمەدا نیەو شەری دەستوری ودەنگ هەڵبرینی پایتەختمان لەپێشەو ئەبێت بە ئەجێنداوە مامەڵەی بكەین و رووبەروی ببینەوە؟ ئایا ئەندام پەرلەمانەكانمان كە هەر لە ئێستاوە ئەزانن وردەكاری ئیمتیازات و موچەو خانەنشینەكەیان چەندەو چۆنە ئەی ئەزانن وردەكاریە ئاڵۆزەكانی دەستورو نەتەوەو زمانەكەیان و هەرێمەكەیان چیەو چۆنە؟ گوتاریان ئامادەیە بۆ ووتن و دیراسەكردن ؟ یان بەردەوام ئەگەرێینەوە بۆ نەغمە حیزبی و ئایدۆرلۆژیەكان و نازانین عەرەب لە داهاتودا چەندە ئینكاری ئەنوێنن بەرانبەر مافە بەدەستنەهاتوەكانی كورد، ئینكاریەك ریشاڵی ئەوەتانێ لە نیمچە دورگەی عەرەب و تا تەعریب و هەڵەبجەو ئەنفال درێژ بۆتەوە، بۆیە ئەبێت كورد لە وە ئاگاداربێت ئەمجارەیان كە لەگەڵ كێ دانوستان ئەكات و دائەنیشێت و تەنانەت دەستورنوسەكانیش بناسێت.